# گەلی ئاوارە و پەرلەمانی ئاوارە

محەمەدی کەریمی
رۆژنامەنووسی سەربەخۆ

هەل و مەرجی ئاڵۆز و زروفی نالەباری کۆمەڵگە و هەموو مەترسییەکانی دەرەکی و ناوەکی ئاموژگاریمان دەکەن کە پێکهێنەری حکومەتێکی یەکگرتوو و یەکدەنگ بین و گشت لایەک بە هاودڵی و هەموو بە کار و کردەوە بۆ بەرپاکردنی ئازادی واقیعی هەوڵ بدەین و بەوپەڕی مەسئولییەتەوە تێبکۆشین. بەڵام ڕێگرەکانی مێژوویی و ملۆزمەکانی دژی ئازادی و بە ختەوەری کورد لە دەرەوە و لە ناوەوە بوونەتە هۆی سەرخستنی ئەم نیازە مێژووییە. هەر بۆیە بە خۆداچوونەوە و بیرکردنەوەیەکی دروست و دیتنەوەی ڕێگەچارەیەکی گونجاو و بابەتی سەردەم پێویستییەکی زەروریی و مێژوویە.

دژی دیالۆگ ، شەڕفرۆشە و شەڕفرۆش چی گەرەکە ؟ وێرانی و تالان .

سیاسەتی گفتوگۆ، سیاسەتی ئازادییە. سەرفیاتی لە ڕادەبەدەری دژبەرەکانی ئازادی و دیالۆگ و گفتوگۆ، لە گیرفانی خەڵکی و لە شادەماری منالانی خەڵکی دێتەدەر و دەڕژێتە ئاشی ئاشەوانەکانی شەڕ و شەڕپەرەستان.

ئەرکی سەرشانی گشت لایەکە بەتایبەتی ڕۆشنبیران و ئازادیخوازان، کە بە هەموو هێز و توانای خۆیان دژی سازدەرانی تابووتی چەندبەرەکی بوەستن و ئەو تابووتانە بشکێنن کە بۆ تیرۆری سەرگرتنی ڕزگاری و لە بۆ لە گۆڕنانی ئازادی ڕادەربڕین سازدەدرێن.

ئازادی ،هەمووکات و هەردەم و لە هەر شوێنێکی جیهان بە مانای ئازادی ڕادەربڕینە و بەس. ئەم ئەزموونە، دەرسێکی فرەگرنگی مێژووییە کە بە بێ ئازدای ڕادەربڕین، ئاسەواری کۆمەڵگەی مرۆڤی نامێنێت و مرۆڤایەتی بەگشتی دەخنکێت و دەفەوتێت.

گەرچی هەموو هەرا و هوریاکان، لە سەر ئازادی و مافی مرۆڤ دەخولێتەوە و گشت دروشمەکانی باڵابەرزەکانی حیزبەکان بە شان و پیلی گفتوگۆ و دیالۆگدا هەڵدەڵێن و خۆیان بە قارەمانی بێ وێنەی دژی دیکتاتۆرییەت لە قەڵەم دەدەن، بەڵام وەک دیارەو لە بەر چاوانی گشتی جیهان، هەموو هەڵس و کەوت و ڕەفتارەکان بە پێچەوانەی ئەو ڕاستییەن کە پاڵەوانەکانمان ئیدیعای دەکەن و پەیتاپەیتا دەعایای ڕەنگاوڕەنگیشی بۆ بڵاو دەکەنەوە. پەرلەمانی ئاوارە و بێدەسەڵاتی کاتی یەکێک لەو بەڵگە زیندووانەیە بۆ سەلماندنی ئەم هەقیقەتە.

حاشـاکردن لە ڕاستی و لەمەیش گرنگتر، بەلاوەنانی خەڵکی و گاڵتەکردن بە هەقیقەت و چارەنووسی گشتی، ئاکامێکی ئەوتۆی لێ ناکەوێتەوە و هیچ بەرهەمێکیش ناداتە دەست کەس و لایەنێک، غەیری لە ناوچوونی کۆمەڵگە و دەرچوون لە گەردوونەی کات.
ناسینەوەی کات و دەرککردنی لێکۆڵینەوەی کات گرنگترین ئەرکی نوێنەرانی هەڵبژاردەیە.

بە چاوبەستنی خەڵکی و هەروەها وەلانانی ڕاستییەکان، هیچکەس و لایەنێک ناتوانێت ڕێگەی داهاتووی خۆش و هەموار بکات. لە ژێر پێنانی کات و خۆگێلکردن لە ئاست پرسیارەکانی گشتی، لە خۆ بەزلزانینەوە سەرچاوە دەگرێت.

خۆ بە زلزانین مرۆڤ کوێر دەکاتەوە، بەجۆرێک هەموو ڕەنگەکان و تەنانەت دەنگەکانیش بە تاریکی دەخوێنێتەوە. دەسا با هەموو ئەو بەر پرسـەزلانەی کە خەڵکی و بیر و ڕای گشتی بە دەستی کەم دەگرن بازۆر باش بزانن کە لە دوای پێوانی سەدان کیڵومیتر ڕێگەی دوور و درێژیش سەرئەنجام هەر دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێن و جێگەیەی کە لێ هاتوونەتە دەر و تێا پەروەردە بوون.

3 مانگ و وردەیەک لە کۆتایی ئاکامی هەڵبژاردەکان ڕادەبوورێت و هێشتەکە یەکەم کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان گرێ نەدراوە ! خەڵک بە پەرۆشن و لە داهاتووی خۆیان و نەوەکانیان دەترسن کە ڕەنج بە خەساربن و لە بەرپرسانی ئەم تاوانە دەپرسن و مافی ڕەوای خۆیانە کە وڵامی پرسیارەکانی خۆیان وەرگرنەوە، ئەدی بۆ وڵامیان نادرێتەوە ؟ بۆچ ڕاستیەکان دەشارنەوە ؟؟

مێژوو نایشارێتـەوە و پڕ بە زاری خۆی دەڵێت : گەلی بەستزمان وماڵوێران و ئاوارە، شایانی پەرلەمانی ئاوارەیە! ئاخۆ ئەم گەلە کەمچارەیە کەی ڕەها دەبێت لەم هەمووە بەزم و ڕەزم و هەراو هەڵلایە ؟ هەر خواکانی ماڵوێرانی و ئاوارەیی دەزانن، وڵامی ئەم گرنگییە بدەنەوە و بەس ! ئای لەم هەمووە بێ بەختییە کە سواری ملی کورد و ئاوقانی مێژووی ئەم گەلە ستەمدیدەیە بووە و چارەنووس و بەسەرهاتی لە قولی خۆی و لە گرەوی کورسی دەسەڵات ناوە و سەیرەکەیش لەوەدایە کە وادەزانێت نە بای دێ و نە بۆران ........!